ئێران دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی راگەیاند

ئەمە پێنجشەممە،وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی ئێران رایگەیاند، ئاسمانی وڵاتەکەی لە بەشی رۆژهەڵاتدا بە رووی گەشتە ئاسمانییەکاندا کراوەتەوە.

وتەبێژی وەزارەتی گواستنەوەی ئێران بڵاویکردەوە، لە رۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا گەشتە ئاسمانییەکان دەستیانپێکردووەتەوە و بەیارەکە تەنها ئەو گەشتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانە دەگرێتەوە کە دەچن بەرەو فڕۆکەخانەکانی بەشی رۆژهەڵاتی ئێران یان لەو ناوچانەوە دەگەڕێنەوە.

وتیشی، فڕۆکەخانەی مەشهەد یەکەکە لەو فڕۆکەخانانەی کە ئیسرائیل لە کاتی جەنگدا بەردومانی کرد، ئەمە دەستی بە گەشتەکانی کردووەتەوە.

باسی لەوەشکرد، گەشتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە لەسەر ئاستی هەموو ئێران لەناویاندا تاران، تا کاتێکی نادیار بە هۆپەسەردراوی دەمێنێتەوە.